# حکومەتێکی بنکەفراوان پێویستی بە ریفۆرمێکی بنە ڕیشەیی هەیە

د.سامان شالی

بۆ چەندین سەدە و بە هۆی مامەڵەی خراپی داگیرکەرانەوە، گەلی کورد لە سایەی هەوری رەشی زوڵم و ستەمدا ژیانی بەسەردەبرد. سەرەڕای هەوڵی بەردەوام بۆ لەناوبردنی و کاولکردنی وڵاتەکەی، کورد دەستی لە داخوازی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکەی هەڵنەگرت کە داخوازیەکە هەرگیز سازشی لەسەر نەکراوەو ناکریت. کورد لە سەردەمی میرنشینیەکانەوە باوەڕی بە سەرکردەکانی هەبوە و قوربانی گەورەیان داوە لە میانەی هەوڵی نەپساوەیاندا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان وەکو میللەتێك.

دوابەدوای راپەڕینی بەهاری 91 و چەسپاندنی "پەناگەی ئارام" لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە (بەسەرکردایەتی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا)، گەلی کورد، هەر کە هەستی کرد شنەبای فەرمانڕەواییەکی دیموکراسی بۆبەشێك لە نیشتمانەکەی بەڕێوەیە، یەکەم هەناسەی ئازادیی هەڵکێشا. هەرزوو هەنگاویان هاویشت بۆ پێکهێنانی یەکەم پەرلەمان و حکومەتی خۆیان و بۆ هەموو جیهانیان سەلماند کە وەکو گەلێك شایانی سەربەخۆیین. حکومەتەکەیان بە بودجەیەکەوە دەستبەکاربو کە هیچ بنەمایەکی ئابووری نەبوو. یەکەم جار بوو خەڵك ببیستێت کە بودجەی لەو جۆرە بوونی هەیە، خەڵك بەبێ موچە دەستیان کرد بەکارکردن بۆ ئەوەی فرسەتیك بدەنە حکومەت تا بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت. میللەت بەکولەمەرگیش بەختەوەر بون ، چونکە دوور لە ترس، لە سەدام حسێن و حزبە بەعسە ملهوڕەکەی ژیانیان بەسەردەبرد.

دوای شەڕی ناوخو، خەڵکی زۆر خۆشحاڵبون بە کۆتاییهاتنی ئەو "شەڕە" و بۆ جارێکیتر فرسەتێکی تریان بەخشیەوە بە دەسەڵات بۆ فەرمانڕەوایکردن،بەهیوای ئەوەی لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە بەدو نەگریسە، رۆژانی ئایندە مژدەی گەشەکردن و پێشکەوتنی بۆ گەلی کوردستان لەگەڵ خۆی هەڵگرتبێت.بەڵام ئەمجارەش و پاش ئەوەی زانیان "دیموکراسی"یەکەی کوردستان دیموکراسیەکی ئێجگار کۆنترۆڵکراوە و گەندەڵی هەموو جومگەکانی تەنیوە، چرۆی هیواکانیان بۆ جارێکی تر هەڵوەری.

پرسیارەکە لەوەدایە بۆچی خەڵك ئەم هەلومەرجەیان قبوڵکرد؟ قبوڵیانکرد چونکە دەسەڵاتی سەدام حسەین خەلکی لەسەر ژیانێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن رایهێنابو. ئەم جارە ترسەکەیان بۆئەوەبو کە لەوانەیە ئەو ئازادیە لەرزۆکەی بەو هەموو چەرمەسەرێیە بەدەستیانهێناوە، لە چاوتروکانێکدا لەدەستیانبچێت. خۆشبەختانە، دوای "ئازادکردنی" عێراق ساڵی 2003، هەوری چڵکنی زوڵم و ستەم تارادەیەك رەویەوە. بۆیەکەمجار خەڵك دەستیانکرد بەوەی بەوردی چاودێری هەڵسوکەوتی سەرکردەی حیزبەکان بکەن. نەك هەرئەوە، بەڵکو دەستیانکرد بە ئاڕاستەکردنی پرسیاری قورس سەبارەت بەو رێوشوێنە چەقبەستوانەی گەندەڵی و نەبونی ئازادیی رادەربڕین و نەبونی زۆربەی لە

مافەکانی مرۆڤـ کە نەتەوە سیڤیلەکانی جیهان زامنیانکردوە. کەوتنە پرسیارکردن لەوەی بۆچی ئەبێت هەمان گەندەڵی لە حکومەتەکەی خۆیان قبوڵبکەن کە لە دەسەڵاتی سەدام حسەینیان قبوڵنەدەکرد!؟ ئەم سەرکردانەی کەلە سەرەتاوە بە ئیرادەی خەڵك خرابونە ئەو پۆستانەی دەسەڵاتەوە، بە چ هەقێك متمانەی خەڵك بەشێوەیەکی خراپ بەکاردەهێنن؟ بە چ هەقێك مافی زیاتر لە مافی ئەو خەڵکەی هێناویاننەتە سەر حوکم دەدەن بە خۆیان؟

کورد گەلێکی لێبوردەیە. لە کابینەی پێنجەمەوە (کە زۆرجار بە کابینەی یەکبون یان یەکێتی ناسراوە) هیوایەکیان بەیەکخستنەوەی دوو ئیدارەکە و سەرکردایەتی سیاسی پەیداکرد. باوەریان بەو هەموو بەڵێنانە کردبو کە لە هەڵبژاردنەکاندا پێیاندرابوون. بەڵام ئەوەندەی نەبرد، وەکو نەریتی هەمیشەییان، حزبەکان کەوتنەوە بەردەوامیدان بە تاکتیکەکانیان، لێرەشەوە بێمتمانەیی لەنێوان دەسەڵاتداران و خەڵك سەریهەڵدایەوە. ئەو پشکۆی ئومێدەی کابینەی پێنجەم هێنایە ئاراوە، رووی لە خامۆش بوون کرد و واقیعی دوو ئیدارەیی دەستیپێکردەوە.

لە هەڵبژرادنەکانی 25 تەمموزی 2009 دا، خەڵك پەیامێکی روونیان ئاراستەی دوو حیزبەکە کرد کە چیتر ئەو بارودۆخە قبوڵناکەن. نارەزایی خەڵك ، لەدایکبونی بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی لێکەوتەوە. هاورێ لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیە هیوای سەرهەڵدانی دیموکراسیەکی راستەقینەو بێخەوش هاتەپێش. دوای نزیکەی دوو ساڵ لە فەرمانرەوایەتیکردن لەلایەن کابینەی شەشەمەوە، کەلێنی بێمتمانەیی نێوان خەڵك و دەسەڵات گەورەتر بو، لە ئەنجامدا خەڵکی بۆ خۆپیشاندان رژانە سەر شەقامەکان و داوای هەڵبژاردنێکی تازە و حکومەتێکی نوێکرا کە بتوانێت خزمەتگوزاری راستەقینە پێشکەش بە میللەتەکەی بکات نەك تەنها بەو خەڵکە کەمە خاوەن ئیمتیازاتەی لەسەرەوەی هەرەمەکەن. شتێکی زۆر سەیرە کە لەگەڵ ئەو هەموو خۆپیشاندان و نارەزاییانە، دەسەڵاتداران دەربەست نایەن و پرکێشی ناکەن دان بەو کەلێنە گەورەیەی بێمتمانەییەدا بنێن کە لە خەڵکی جیاکردونەتەوە . بەهەمان شێوەش بەرنامەی کابینەی حەوتەم درێژکردنەوەی بەرنامەی کابینەی شەشەم بوو.

سەرەرای ئەوانە، ناکرێت ئەو راستیەش رەچاو نەکرێت کە یەکێك لە کارە باشەکانی حکومەت ئارامی و سەقامگیرییە کە لە کوردستاندا هەیە، چونکە قەترەیەك خوێنی تاکێکی خەلکی کوردستان بە هەموو سەروەت و سامانی عێراق ناخەملێندرێت، ئەوەش دەستکەوتێکی زۆر گرنگ و گەورەیە بۆ میللەتەکەمان .

پاش پسانی پردی تەحەمول، میللەت لە هەڵبژاردنی 21ئەیلولی2013دا نەخشەی تازەی دانا بۆ دروستبونی کابینەی هەشتەم کەبەهەموو حیساباتێك وا چاوەروان دەکرێت کە ئەبێت زۆر جیاوازی هەبێت لە کابینەکانی پێشوو.

بۆیە زۆر پێویستە کە بەزووترین کات کابینەی هەشتەم ئەم خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکات بۆ ئەوەی رۆڵی خۆی ببینێ لە جێبەجێکردنی داخوازیەکانی خەڵك و ئەو کەلێنە پربکاتەوە کە لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا دروستبوە.

ئەم بنەمایانەش رێنماییەکن بۆ کابینەی هەشتەم کە لە کاتی دانانی نەخشەڕێگادا بۆ گوزارشتکردن لە دیدوبۆچونیان (روئیایان) لەئایندەدا رەچاوی بکەن. بۆیە بەپێی ئەو دیدوبۆچوونە، داوا لە خەڵکی کوردستان ئەکەم کە دەست لەناو دەست یەکبگرن بۆ پاراستنی دیموکراسی و سەروەری یاسا، بۆ فەراهەمکردنی روونکاری( شەفافیەت )لە شێوازی حوکمکردنداو بۆ پشتگیریکردن لە پەرەپێدانی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان.

**بنەماکانی ریفۆرم:**

1. لاپەرەیکی تازە لە نیوان خەلك و دەسەلاتدا بکریتەوە بو ئەوەی پردی متمانە دروست بێت و دەستی برایەتی و هاوکاری بۆ یەکتری درێژبکرێت.

2. پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی نوێ بەشێوەیەکی موئەسەساتی کە کەسانی تەکنۆکرات بەڕێوەیبەرن.

2. نەهێشتنی گەندەڵی بکرێتە یەکێك لە ئەولەویەتە سەرەکیەکان لە حکومەتی نوێدا.

3. . یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆو رێگرتن لە بەکارهێنانیان لە دژی خەڵکی کوردستان.

4. سەربەخۆیی سیستمی دادوەری (النظام القضائي) بەکردار.

5. حزبە سیاسیەکان و حکومەت لەیەکجیابکرێنەوە بۆ کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانی حزب لە کاروباری حکومەتدا.

6. مسۆگەرکردنی ئازادی ڕادەربڕین بۆ تاکەکەس و بۆ میدیاکان وەکیەك.

7. چاوگێرانەوە بە دەستوری هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەك کە یەك دەنکی لەسەر بیت. دەستورەکەش بخرێتە ریفراندۆمێکی گشتیەوە کە سەرانسەری خەڵکی کوردستان بەشداری تێدابکەن وەکو ئەولەویاتی خولی چوارەمی پەرلەمان.

8. روونکاری (شفافیەت) لە سیاسەتی نەوتدا لەکوردستان بەشێوەیەك کە هەموو خەڵکی کوردستان سودمندبن لێی.

9. فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ گەنجان بێ گوێدانە ئینتیمای حیزبی و ئیتنی و سیاسی.

10. خانمان بەتواناتر بکرێن و مافەکانیان مسۆگەربکرێت لەسەر بنەمایەکی شیاو لە هەمو دەزگاکانی حکومەت بەبێ جیاوازی.

11. نەهێشتنی خزمخزمێنە (مەحسوبیەت) لەناو حکومەتدا.

12. نەهێشتنی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی وئابوری لە هەرێمی کوردستان.

13. دابینکردنی خانەنشینی بۆ هەمووتاکێك کە دەگاتە تەمەنی خانەنشینی بەپێی یاسایەکی تایبەت کە بەلایەنی کەمە وە رادەیەکی ژیانی بۆ دابینبکات .

14. چاکسازی لە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەشتر بۆ نەتەوەکەمان و رێگا گرتن لە حزبە سیاسیەکان لە دەست تێوەردانی ئیشوکاری ناوخۆی سیستمی پەروەردەیی.

15. گێڕانەوەی بروابوون بە یاساکان بۆ پاراستنی مافەکانی هەموو خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی یەکسان، بێ گوێدانە ئینتیمای ئیتنی و ئایینی و حزبی.

16. پەیڕەوکردنی میکانیزمەکانی روونکاری( شەفافیەت) لە فەرمانڕەوایەتیدا.

17. مافەکانی مرۆڤ بەتەواوەتی و بۆ هەموو خەڵکانی کوردستان مسۆگەر بکرێت.

18. چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری.

19. رێگەگرتن لە بەرزبونەوەی رادەی هەڵاوسان.

20. ئاسانکردنی میتۆدەکانی کارکردنی هێزە ئەمنیەکان بە هاوشێوەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بۆ ئەوەی ئەو هێزانە وەکو یەك هێزی هەرێمی کوردستان کار بکات بۆ پاراستنی سەروەت و سامانی گشتی و تایبەت و ئاسایشی هەمووان بپارێزێت بەپێی یاسا. پێویستە خەڵك بتوانێت پەیوەندیەکی دۆستانە و پڕمتمانە لەگەڵ کارمەندانی هێزە ئەمنیەکان بکات.

21. هێنانەکایەی ئەنجومەنی راوێژکاری شارەکان کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە حکومەت کاربکەن، پێویستە ئەو ئەنجومەنانە لە خەڵکانی مەدەنی پێکهاتبن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر میتۆدەکانی باشترکردنی خزمەتگوزاریەکان و ڕاکێشانی کار( بزنس )بۆ ناوچەکانیان، کە راستەوخۆش پێشنیارو بیروبۆچوون بدەن بە بەرپرسیانی پارێزگاو شارو شارۆچکەکان و پەرلەمانکاران و وەزیران لەکاتی پێویستدا.

22. پەرەپێدانی بەرنامەیەك لەنێو کەڵچەرە جیاوازەکان بۆ ئاڵوگۆڕی کلتوری، کارلەیەککردن و تێکەڵاوبونی ئەوخەڵکە جیاوازانەی لە هەرێمی کوردستاندا دەژین.

23. پێکهێنانی دەستەیەکی سەربەخۆ لە کۆمەڵێك یاساناس بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستان. هەر کەسێك بەپێی یاسا هەر تاوانێکی بەسەردا ساغبوەوە، پێویستە بەپێی یاسا سزابدرێت.

24. دیاریکردنی سنوری رەسمی هەرێمی کوردستان لە دەستوری هەرێمدا ، بەناوچە دابڕاوەکانیشەوە، پێش ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە سەرانسەری عێراقدا و ئەنجامدانی ریفراندوم لەناوچە دابڕا وەکاندا.

25. راهێنان و پەروەردەی خەڵك بۆکارکردن لەپێناوی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا بە ریفراندۆم یا بەهەر رێگایەکی یاسایی نێودەولەتی ، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر داخوازیەکانی کورد لە دەستوری عێراقدا پشتگوێخرا.

مەبەست لەو پێشنیارانە ئەوەیە کە بکرێنە خاڵی سەرەتا بۆ نەهێشتنی ئەو قەیرانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان رووبەڕومان بۆتەوە بۆ ئەوەی چارەسەری قەیرانی بێمتمانەیی نێوان خەڵك و دەسەلات بکات. هەتا زووتریش ئەم خالأنە جێبەجێ بکرێن خێراتر ئەتوانین چارەسەری ئەو مەسەلانە بکەین کە خەڵکی کوردستانی لە حکومەت دابڕیوە. ئەمیش ئەبێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ یەککریزی ماڵی کورد، تابتوانین لەبەغدا پێداگرتربین لەسەر مافەکانی خەلکی کوردستان ، بەتایبەتی جێبەجێکردنی مادەی 140.

داخوازیم یەکدەنگی کوردە تا بتوانین ئەو دەستکەوتانەی کە بە خوێنی شەهیدان بە دەستهاتوون سەقامگیرتربن وئارامی باشووری کوردستان بپارێزین و رێگە نەدەین تیرۆرستان سوود لەدرزی نێوانمان وەرگرن ، هەروەها هەوڵ بدەین ئایندەیەکی درەوشاوە بۆ گەنجەکانمان ئامادە بکەین، دەسەلأتی چوارەم واتا میدیا ئازاد بێت . ئازادیش لە هێزی دیموکراسیەتەوە دێت، دیموکراسیەتیش وتنی ئاسانە بەلأم پەیڕەوکردنی گرانە.

با بە نییەتێکی کوردانەوە و راستگۆیانەوە هەموو شانبەشانی یەکتر دەستبەکاربین لە پێناو بەرژەوەندی خەڵك و بەرژەوەندی ئەم نەتەوەیە بو دوا روژێکی روناك بو نەوە تازەکانمان.



لە روژی سێشەمە 31-12-2013 لە رۆژنامەی **ئاوێنە** ژمارە 409 لابەرە 14 بلأوکراوەتەوە